## پەرستگای لالــش

**لالش**: پەرستگای هەرە پیرۆزی ئاینی ئێزدییە، دەکەوێتە ناو دۆڵێکی نێوان سێ چیایاندە، کە پڕە لە دارو درەخت و سەوزایی, دیمەنێکی قەشەنگ و ڕازاوەی هەیە، دەربارەی وشەی لالش لە تێکستی ئیزدیەکاندا بەواتایی هەیوینی زەوی دێت، واتایی وشەی (لالش) بەزمانی ئاڤێستایی پێکهاتووە لە (لالە) واتە (چرا) (وهشە) بەواتای ڕووناکی گەش دێت، پێکەوە واتای چرای گەش یان سەرچاوەی ڕووناکی دەدن. لە ناوەوەی پەرستگای لالش هێما و شوێنەوارەکانی میترایان (خۆر پەرستیان) زۆر بەئاشکرایی دەبینرێت، سەرەڕای چەندین نەقش و نیگار لەسەر بەرد کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن. لە سەر دەمیّ (شێخ ئادی کوڕی مسافر) نۆژەنکراوەتەوە و زیاتر گرنگی پێدراوە و پیرۆزی ئەم بەرستگایە لەلای ئێزدیەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ:

١ – لالش سوڕی ژیانە و هەوێنی مەیینی زەوییە.

٢ – ( کانیا سپی ) لێیە، ئاوەکەی پاك و زوڵاڵ و پیرۆزە، کە دەبێت هەر ئێزدییەك بە ئاوی ئەم کانییە ببهێتە مۆرکرن ( تعمید ) و حەلاّڵکردن لە پەرستگادا ، مۆرکرن فەرزێکی تەریقەتە لە سەر ئێزدیان.

٣ – لالش دەبێتە ڕووگەهی ( حەجی ) ئێزدیان و دەبێتە فەرز و ئەرك، هەر ئێزدیەك لە دونیادا دا دەبیّ لایەنی کەم جارێك ڕوو بکاتە ئەم پەرستگایە.

٤ – ڕێوڕەسمی چەندین جەژن و هەڵکەوتی ئێزدیان لەویّ بەرێوەدەچێت .

٥ – هەبوونی قوب وئاقد و نیشانەکان و (مەرقەدی) هەندێك لە خاس و چاکەکانییان لەم پەرستگایە یە.



پەرستگای لالش

## کتێبە پیرۆزەکانی ئاینی ئێزدی

ئێزدیـان دوو کتێبـی پیروزیـان هەیـە، ئەوانـەیش مسـحەفا ڕەش و جـەلوەن. ئـەم دوو کتێبە بە زمانی کوردین و بە پیتی تایبەت نووسـراون. نـاوەرۆکی مسـحەفا ڕەش بریتییـە لـە هـەبوونی خـودا و فریشـتەکان و چـۆنییەتی ئافرانـدنی کنیـات و گـەردون و ئـەرك وفەرزەکانی ئاینی ئێزدیاتی، زۆر جار بەناوی قەرە فرقان( کیتابا پیروز ) ناونراوە.

هـەروەها کتێبـی (جـەلوە) لـە دانـانی شـێخ حەسـەنە، کەشـەش سـاڵ خـۆی خەلوەکردووە و ئەم کتێبەی داناوە کە تێیدا باسـی یەکتا پەرستی و بڕوا بەیەك خودای تاك و تـەنیا و خەسـڵەتەکانی خـودا و چۆنییەتی دانـانی تـاووس مـەلیك وەك سـەرۆکی فریشـتەکان و پـێ بەخشـینی تـوکی ئـەزەلی، دیسـان چـۆنییەتی بـاوەڕ هێنـان و جێبـەجێکردنی ڕێـوڕەسمی ئـاینی و فـەرزی حەقیقـەت وفـەرزی تەریقـەت وئاموژگـاری و شـیرەت و ڕاسـپاردەی زۆری تێدایـە ، ئـەم هـەموو بیرباوەڕانـە بەشـێوەیەکی تێکسـتی ئەدەبین و بە شێوەی شیعری ڕێکخستووە. و پێی دەڵێن (قەول) و (بەیت) و(قەسیدە) و(دوعا). دوای نەمان و لە ناوچوونی ئەم دوو پەرتوکە ئەم تێکستە ئاینیانە هاتوونەتە پاراستن لە ڕێگای چەند قەولبێژێکی لێ هاتوو وەکو شێخ فەخری ئادیان و پسی جەم و پـیر ڕەشـی حـیران و چـەندی تـر، ئـەم تێکسـتە بەسـەر زارییـەوە پشتاوپشـت سـەردەم لـە دوای سەردەم ماونەتەوە ئینجا نوسـراون، تـا ئێستا هەندێکیان بە زارەکی ماونەتەوە. دەربـارەی نـەمانی ئـەم دوو کتێبـە، ئێـزدی دەڵـێن لەبـەر زوڵـم و زۆرداری و فـەرمانی قڕکـردن، کەبـە سـەر ئێزدییـان بەدرێـژایی مێـژوودا هـاتووە، لەبـەر دەسـت نـەماون بـەڵام ناوەرۆکیان تا ئێستاش وەك بنەمای ئاینی ئێزدی ماونەتەوە لە ڕێگای پیاوان و ئولدار و قەواڵەکانی ئێزدی هاتوونەتە لە بەرکردن و پاراستن.

## ئە نجومەنی باڵای ڕوحانی ئاینی ئێزدی

ئەنجومـەنیٚ ڕوحـانی: لـە نـاو ئێزدییەکانـدا، بـە بڵنـدترین دەسـتەی دەسـەڵاتدار دادەنرێـت، کـە پێکهـاتووە لـە کومـەڵێك پیـاوانی ئـاینی و مـیری ئێزدیـان سـەرۆکایەتی دەکـات . ئـەم ئەنجومەنـە سەرپەرشـتی هـەموو کاروبـاری ئـاینی و کۆمەڵایـەتی ئێزدیـان دەکـات، لـە ڕابـردوو ئـەم ئەنجومەنـە پێـی دەوتـرا (مەحفـەل) بارەگـای سـەرەکی ئـەم ئەنجومەنە پەرستگای لالشە، پێکهاتەی ئەم ئەنجومەنە ئەمانەن:

# جەژنەكانی ئاینی ئێزدی

ئێزدییەكان چەند جەژنێكی تایبەت بەخۆیان هەیە، هەندێك لەو جەژنانە ڕێوڕەسمەكانیان لەپەرستگای لالش دەگێردرێن وهەندێك لەناو كۆمەڵگای ئێزدییەكاندا .

١–**جەژنی سەری ساڵ:** كۆنترین وپیرۆزترین جەژنی ئێزدیانە، پیرۆزییەكەی دەگەڕێتە وە بۆ سەرەتای ئافراندنی كنیات، ئەم جەژنە دەكەوێتە چوارشەممەی یەكەمی مانگی نیسان بە ساڵنامەی ڕۆژهەلاتی. (ساڵنامەی زایینی سێزدە ڕۆژ لە پێش ساڵنامەی ڕۆژهەلاتی ئێزدییە) ئەم چوارشەممەیە ناوداره بەچوارشەممەی سور. لەم جەژنەدا هەموو ئیزدییەكان جلی جوان لەبەر دەكەن وچەند ڕێوڕەسمێكی تایبەت بەم جەژنە هەیە وەكو گیرساندنی سەدان چرا و مۆم لەپەرستگای لالش و وڕەنگكردنی هێلكە و هەڵواسینی كولیلكی سوری نیسان لەسەر دەرگای خانووەكان، لە ڕۆژی جەژن چەندین یاری تایبەت بەم جەژنە ئەنجامدەدرێت، نموونە یاری هیلكانیٚ و كابانیٚ و...هتد.

هەر لەم جەژنەدا ئێزدییەكان دەچنە ناو دەغلٚ و دانیان بۆ سەیران وبەرەكەت، مانگی نیسان پیرۆزی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە ناو ئێزدییەكاندا ژنهێنان و ژنخوازی لەو مانگەدا گوناهە , دەڵێن مانگی نیسان بوكی ساڵە، هەڵكەندنی زەویش گوناهە. هەر لەم جەژنەدا نانێكی تایبەت دروست دەكەن پێی دەڵێن (سەوك )و لەگەڵٚ شیرینی لەسەر هەژاران دابەشی دەكەن.

٢– **جەژنی چلەی هاوین:** یەكێكە لەو جەژنانەی كە ڕێوڕسمەكەی لە پە رستگای لالش دەگێڕن، ئەم جەژنە دەكەوێتە ڕۆژی ٣٠ی تیرمەه (تەمووز) تا ٢ی مانگی تەباخ (ئاب) بە ڕۆژ ژمێری زایینی، لە پێش ئەم جەژنەدا پیاوە ئایینیەكان و هەر كەسەكی بییەوێت چل ڕۆژ بەڕۆژو دەبن، هەر لەم جەژنەدا ئێزدییەكان دەچنە پەرستگای لالش بۆ بەشداریكردن لەڕێوڕەسمەكانی ئەم جەژنە وەكو داگیرسانی چرا و مۆم و گێڕانی سەما وقنتار و ڕێزكردنی قەول و بەیت لە بەر دەنگ و ئاوازی دەف و شباب (بلوول).

٣– **جەژنی چلەی زستان:** ئەم جەژنە دەكەوێتە (٢)ی مانگی شوبات لەڕۆژ ژمێری زاینی, ڕێوڕەسمەكانیش هەمان ڕێورەسمی جەژنی چلەی هاوینە كە بۆ ماوەی (سیٚ ) ڕۆژ بەردەوام دەبێت لە پەرستگای لالش.

٤– **جەژنی جەمای:** یەكێكە لەجەژنە دێرینەكانی ئێزدییان بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ (٦) تا (١٢) تشرینی یەكەمی زایینی دەخاینێت، ڕێورەسمی ئەم جەژنە لە پەرستگای

لالش دەگێڕن، لە هەموو ئێواران مۆم و چرا دا دەگێرسێنن. گێرانی ڕێوڕەسمی سەمای وقنتار لە هەموو ڕۆژان بەردەوام دەبێت و سمات (کە خواردنێکی تایبەتە) ڕۆژانە دروست دەکرێت وبە هەزاران ئێزدی لە هەموو جیهان سەردانی پەرستگای لالش دەکەن بۆ بەشداریکردن لەم جەژنە دا.

لەڕۆژی چوارەم پەری (قوماشێکی تایبەتە بە ئاوی کانیا سپی مۆردەکرێت ) دەهێنە سوارکردن، لە سەر مەرقەدی چاکەکان دادەنێن و لەڕۆژی پێنجەم ڕێوڕەسمی (قەباغ )دەهێنە ئەنجامدان کە گایێك دەکەنە قوربانی بۆ خودای خۆر(ڕۆژ) ولە ڕۆژی شەشەم (بەریێ شباکێ) دهێتە سوارکرن کە ڕێوڕەسمێکە لە بیرەوەری کراس گۆڕینی شێخ ئادی کوڕی مسافرە، لەڕۆژی دوای جەژندا هێمای تاوس دەهێتە پاك و تەمیزکردن کە پێ دەڵێن (تاوس جوانکردن)، پێیان وایە هەر کەسێك لەم جەژنە دا بەشدار بێت لەگوناهەکان پاك دەبێتەوە.

لە ڕێورەسمی ئەم جەژنەدا دیاردەبێت کە نیشانەی ڕووناکی وپاککردنی دەرون و گیان و ئاواتی ساڵێکی پڕ خێرو بەرەکەت. بەختەوەری و لێبوردەیی و حەلاڵ کردن و هەر کەسێك کە یەکەم جار سەردانی پەرستگای لالش دەکات بەئاوی کانیا سپی مۆردەکرێت.

٥- **جەژنی ڕۆژوی ئێزی:** (ئێزی ناوێکە لەناوەکانی خودا) دوای سێ ڕۆژ بەڕۆژوبوون لەڕۆژی چوارەم دا کە دەکاتە ڕۆژی هەینی سێیەم لە مانگی کانوونی یەکەم دەکەن بەجەژن، مەبەست لەڕۆژو گرتن جێبەجێکردنی فەرزێکە لەفەرزەکانی تەریقەت و هەروەها خێرە بۆ ناوی خودا ، هەستکردن بە برسێتی بۆ ئەوەی یارمەتی هەژاران بدەن، هەردیسان ڕۆژو گرتن ساخڵەمییە، لەڕۆژی جەژن دا ئێزدییەکان جەژنی یەکتر پیرۆز دەکەن وسەردانی مەزارگای خاس وچاکەکان دەکەن.

٦- **جەژنی بێلندە:** ئەم جەژنە یەکێکە لە جەژنە هەرە دێرینەکانی ئێزدیان بە بۆنەی تەواوبوونی وەرزی چاندن دێت، ئەم جەژنە دەکەوێتە هەینی یەکەم لە مانگی کانوونی دووەم لە ڕۆژژمێری زایینی، چەند ڕێوڕەسمێك هەنە وەك دروستکردنی نانێکی تایبەت کە پێی دەڵێن (سەوك) وبەسەر یەکتریدا دەیبەخشنەوە و هەروەها خواردنی تایبەت ئامادە دەکەن وەك (کەشك، کشام، شلك) و (خەولێرە) ئەویش نانێکی تایبەتە یەك مێوژ دەکەنە ناوی و دەپێژرێت و ئێوارەی جەژن ئەم خەولێرە بەژمارەی ئەندامانی خێزان کەرت دەکرێت و دابەش دەکرێت لە سەر ئەندامانی خێزان و ئەوەی مێوژەکەی

# پێرســـــــت



| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | **پێشەکی** | ٣ |
| ٢ | **وەرزی یەکەم** | ٥ |
| ٣ | بەشی یەکەم - باوەڕناسی | ٧ |
| ٤ | **وانەی یەکەم- باوەڕو واتا بەخشین بە ژیان** | ٩ |
| ٥ | **وانەی دووەم - باوەڕو ئەرێنی بوون لە ژیاندا** | ١١ |
| ٦ | **وانەی سێیەم- پاڵنەرەکانی ئەرێنی بوون لە ژیاندا** | ١٤ |
| ٧ | بەشی دووەم - ئیسلام و بەڕێوەبردنی ژیان | ١٨ |
| ٨ | **وانەی چوارەم - دادپەروەری و عەدالە تخوازی** | ٢٠ |
| ٩ | **وانەی پێنجەم - شورا( ڕاوێژ )** | ٢٥ |
| ١٠ | **وانەی شەشەم - یەکسانی** | ٢٧ |
| ١١ | **وانەی حەوتەم - دژایەتیکردنی ستەم** | ٣١ |
| ١٢ | **وانەی هەشتەم - ئاشتی** | ٣٣ |
| ١٣ | **وانەی نۆیەم - چاکسازی** | ٣٧ |
| ١٤ | **وانەی دەیەم - هەژار پەروەری** | ٣٩ |
| ١٥ | **وەرزی دووەم** | ٤٣ |
| ١٦ | **وانەی یازدەیەم - ئیســـلام و دیموکراســـی** | ٤٥ |
| ١٧ | **وانەی دوازدەیەم - یەکسانی گەل و نەتەوەکان لە ڕوانگەی ئیسلامدا** | ٤٧ |
| ١٨ | بەشی سێیەم- هێڵە گشتییەکانی تێڕوانینی ئیسلام بۆ سیستمی ئابوری | ٥١ |
| ١٩ | **وانەی سێزدەیەم - بنەماکانی تێڕوانینی ئیسلام بۆ مەسەلە ئابوورییەکان** | ٥٣ |
| ٢٠ | **وانەی چواردەیەم- ڕێسا گشتییەکانی یاسادانانی ئیسلامی لە مەسەلە ئابوورییەکان** | ٥٦ |
| ٢١ | بەشی چوارەم - ئایینناسی (ئاینی ئێزیدی) | ٥٧ |
| ٢٢ | **وانەی پازدەیەم - ئاینی ئێزیدی** | ٥٩ |
| ٢٣ | پێرست | ٦٧ |

